# گەنجێتی....

# گەڕان بەدوای شوناسدا... خنکان لەپەراوێزدا

**حەسەن جودی**
Hesen_cudi@yahoo.com

## — 1 —

## ماهییەتی گەنجێتی

بەر لەهەموو شتێك کاتێك قسە لەسەر گەنجێتی (لاوێتی) دەکەین بەپێویستی دەبینم خۆ لەپێوانە بایۆلۆژییەکان بەدووربگرین، ئەگەرنا لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە دەکەوینە نێو هەڵەی زەق و قەبەوە. بۆیە ناکرێ " گەنجێتی" بەتەمەن یاخود ڕێژەیەکی تەمەنداری بپێوین. تەنانەت ئەگەر بەتەنیا لەچوارچێوەی توێژالیشدا لێی بڕوانین، ئەوا تێڕوانینەکانمان لە بەرتەسکی و جوینەوەی چەمکە سواو و مەئلوفەکان ڕزگارمان نابێت. ئەمە بەو واتایە نایەت لایەنە بایۆلۆژییەکەی لاوێتی و پۆلینکردنە توێژاڵی و چینایەتییەکانی سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) بەهەند هەڵنەگرین، بەڵام ناکرێ ببنە پێوانە و خاڵی پێهەلگرتن بۆ باسوخواسی لاو و لاوێتی. بۆ نموونە ئەگەر بەگوێرەی پێوانەی تەمەنداری (بایۆلۆژی) بێت ئەوا نیوەی کۆمەلگای کوردەواری و کۆمەلگاکانی خۆرهەلاتی ناوین گەنج و لاون (بە کچ و کوڕیانەوە). بەڵام لەڕاستیدا کۆمەلگای کوردەواری و ئەوانەی خۆرهەلاتی ناوینیش کۆمەلگای پیروپەککەوتەکانە، بەو واتایەی جۆرە کۆمەلگایەکن دینامیکییەتیان لەپەلوپۆکەوتووە. لاوێتیش واتا دینامیکێتی کۆمەلگا. ئایا دەکرێ نیوەی کۆمەلگا بە" توێژ"ێك پۆلین بکەین؟. لە هەمانکاتدا لەکۆمەلگاکانی خۆرئاوادا – بەتایبەت ئەوروپا– بەپێوانە بایۆلۆژییەکە ڕێژەی لاوان کەمەو تادێت کەمتریش دەبێتەوە. ئایا لەم حاڵەتەدا دەکرێ لەڕووی دینامیکی کۆمەلایەتییەوە – نەك لەڕووی ژیاری و شارستانییەتەوە – کۆمەلگاکانی ئەوروپا بەکۆمەلگای پیران و بەساڵاچووان دابنێین؟.

بۆیە بەمەزەندەی من، لاوێتی لەڕووی "دینامیکییەتی کۆمەلایەتی" دیاردەبێت کە لەلاوێتیدا دەژیت یاخود نا. بۆ نموونە ئەگەر لاوان لەنێو کایەکانی کۆمەلگادا دینامیکییەتیان تێکشکێنرابێ و دەزگا و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان (خێزان، دایانگە، باخچەی منداڵان، قوتابخانە و زانکۆ) لاوانیان خەساندبێ و لەڕووی هزراندن و چالاکی نواندنەوە پاسیفکرابن، ئایا چ بەهایەکی دەبێت ئەگەر یاسا ڕێگەیان بدات بچنە پەرلەمانەوە, یان پۆستێکی دەسەلات وەربگرن؟. بۆیە لەو باوەڕەدام گرفتەکە لێرەوە دەست پێناکات کە یاسا ڕێگە بەلاوان نادات ببنە پەرلەمانتار، بەڵکو ئەمە رووکاری مەسەلەکەیە. خۆ ئەگەر سەرجەم پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان یان پەرلەمانی ئێراق لەلاوان بن دیسان ئەو قەیران و کائیوسەی بزاڤی لاوان تێیکەوتووە تێناپەڕێنرێ و گرفتە قووڵەکانی لاوان لەنێو سەرجەم دەزگا و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان چارەسەر نابن. ئێستا ڕێژەی زیاتر لە 25٪ی کورسیەکانی پەرلەمان بۆ ژنانە، بەڵام کە ژن بەئەقڵییەتی پیاوسالاری پەروەردەکرابێت و خاوەن ناسنامە و ئیرادە و هزری ئازادیخوازانەی ژنێتی نەبێ، ژنە پەرلەمانتارەکان چ بۆ ژنە خێرلەخۆ نەدیوەکان دەکەن؟ کە ژنانی پەرلەمانتار یان وەزیرە ژنەکان بەئەقڵی پیاوسالاری بۆ سیستەمی پیاوسالاری بیربکەنەوە — کە بەداخەوە وادەبینرێ – چ هەنگاوێك و دەستکەوتێك بۆ ژنان بەدەست دەهێنن؟ مەسەلەی لاوانیش هەر ئاوایە. کە لاوان – بەکچ و کوڕانیەوە– کچ و کوڕی خێزان و خێڵ و حزبی ناسڤیل بن و لەهزر و چالاکیدا لەپیران و بەساڵاچووان بچن لەنێو هۆڵی پەرلەمان و لەپۆستە حکومییە بەرزەکاندا دەتوانن چ بەدەستبهێنن؟. لەبەرئەوە پێم وایە گرفتەکە ڕەهەندی زۆر قووڵتری هەیە و پێویستە هەوڵبدەین لەڕەگەوە گرفتەکان چارەسەربکەین یان لێی بڕوانین، نەك لەئاستی توێکڵی و رووکاریدا.

## — 2 —

## گومان لەبوونی نەوەی نوێ

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، داخوا لە واقیعی ئێستای کۆمەلگای کوردیدا شتێك هەیە بەناوی "نەوەی نوێ"؟ هەڵبەتە لەمەسەلەی دەستنیشانکردنی نەوەکان یان هەڵاوێردکردنی نەوەکان لەیەکدییش ناکرێ متمانە بەپێوانە بایۆلۆژییەکان بکەین، وەك ئێستا دەبینرێت, کە هەر دە ساڵ یان پازدە ساڵ بۆ تەمەنی نەوەیەك دەستنیشان دەکرێت. ئەگەر وا لێکبدەینەوە، ئەوا جگە لەخۆ بەهەڵەدابردن و خۆخەلەتاندن شتێکی دیکەی لێوە بەرهەم نایەت. بەبڕوای من نەوەکان بەپێوانەی هزراندن و چالاکی نواندن, یاخود بڵێین بەچەمك و بەشێوەی بیرکردنەوەو جۆر و ئاستی چالاکی نواندن لەیەکدی جودادەکرێنەوەو هەڵاوێرد دەکرێن. ئەمەش ناکرێت بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و چەسپاو دە ساڵ یان زەمەنێکی دیکەی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین. بۆ نموونە لەئەوروپا نەوەی ڕێنسانس هەیە, کە نزیکەی سێ سەدەی خایاندووە, بەر لەوەیش نەوەی تاریکی هەیە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین سەدەی خایاندووە. بەڵام نەوەی نەهامەتیش هەیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا دەستیپێکرد نزیکەی دە تا پازدە ساڵی خایاند. لەخۆرهەلاتی ناوینیش سەدەی زێڕینی ئەسحابەکانی پێخەمبەر هەیە کە نزیکەی پەنجا تا شەست ساڵی خایاند. لەکوردستانیشدا نەوەی "ڕێنسانسی نیوەچڵ" هەیە کە بیست تا سی ساڵ

دەخایەنێ لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. هەروەها نەوەی راپەڕین هەیە, کە لەڕاپەڕینی نەوەد و یەکەوە تا ئێستا بەردەوامە, چەندەی دیکەش بەردەوام دەبێت دیار نییە. بێگومان لەهێنانەوەی ئەو نموونانەدا مەبەستم ئەوە نییە کە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان نەوەکان پۆلین دەکات. بەڵام کاتێک نەوەیەک توانستی هزراندنی خۆی دەئافرێنێ و بەئیرادەی خۆی چالاکی دەنوێنێ ئەوا گۆڕانکاری سیاسیشی لێدەکەوێتەوە، وەك چۆن وەرچەرخانی هزری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریشی لێ بەرهەمدێت. دەبێ ئەوەش بڵێم نەوە هەیە هەموو ئەو گۆڕان و وەرچەرخانانە بەدیدێنێ، نەوەش هەیە نەزۆك و چروکە. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك دەتوانرێ قسە لەسەر ناسنامەی نەوەیەك بکەین کەزەمینەی هەڵکشانی تاك لەنێو کۆمەڵگادا ئافرێنرابێت, یان راستر بڵێین تاکەکان لەزەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا دەتوانن مەوداکانی "کۆمەڵگای نەریتی" و "کۆمەڵگای فەرمی" تێبپەڕێنن، ئەو کاتە تاکەکان – سەرەڕای خاڵی جیاوازی پێهەڵگرتنیان لەڕووی هزراندن و چالاکییەوە — لەشێوەی گردبوونەوەیەکی دەستەجەمعیانەدا نەوەیەك, جودا لەنەوەی باو و نەریتی و دەسەڵاتدار, لەئاستی هزراندن و چالاکیدا دەئافرێنن و دەبن بەنەوەیەکی جودا.

بەگوێرەی ئەو لێکدانەوانە, ناکرێ باس لەنەوەیەکی هزرمەند و چالاکڤان لە واقیعی ئێستای کۆمەڵگای کوردەواری بکرێت. لەبەرئەوەی کە نەوەیەك سووری خۆی تەواوکردبێت و بەرهەمی هزراندن و چالاکی خۆی دەرکەوتبێت لەئارادا نییە. ئەگەر ئاماژە بەنەوەی راپەڕین بکەین، ئەوا نەوەیەکە لەلایەك بەخۆی بەرهەمی راپەرینە و ئەو راپەڕینی نەخوڵقاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە نەوەیەکە لەئاکامی کرانەوەیەکی هەڕەمەکی کۆمەڵگا بەڕووی دەرەوەی خۆیدا — کە راپەڕین سەرەتایەکەیەتی یان بڵێین بەرهەمی راپەڕینە – پرۆسەیەکی هزراندن و چالاکی بەکزی دەستپێکردووە, هێشتا نەبۆتە نەوەیەکی خاوەن سیما و ناسنامەی هزری و چالاکی تایبەت بەخۆی. ئەگەر وابێت نەوەیەکە تازە دەستی بە سووڕی ژیانی خۆی کردووە. ئەمەش تاچەند بڕەکات و پەرەدەستێنێ جێگای باسوخواسە. ئەوەی دەبینرێ تایبەتمەندییەکانی چروکبوون و نەزۆکی بەڕادەی تایبەتمەندییەکانی پێهەڵگرتن و داهێنان لەم نەوەیەدا بەدیدەکرێت. ئیدی کامە لەتایبەتمەندییەکان گرەو دەبەنەوە، ئەوە لەسەر ئاست و رادەی هزراندن و چالاکی نواندنی ئەو نەوەیە دەمێنێ. چونکە هەر ئەم دوو فاکتەرەیە کە دەتوانێ جیاوازییەکانی نەوەیەك لەنەوەکانی بەر لەخۆی بخاتەڕوو. بوون بە" نەوە" لەبوونی جیاوازییەکان و خستنەرووی ئەو جیاوازییانە لەئاستی هزرو چالاکیدا دێتەدی.

## ـ 3 ـ

## گەنجێتی لەنێوان چەپاندن و شوناسدا

بێگومان کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای چەپاندن و سەپاندن و سەنتراڵە. لەم کۆمەڵگایەدا بوونەوەرێك نییە ناوی " تاك" بێت. تۆڕە ئەختەبووتییەکانی خێزان، خێڵ، حزب ناهێڵن تاك هەناسە بدات. کەتاك بێ سیما و ناسنامە بێت, "گەنج" و ئەوشتانەی خەسڵەتی گەنجی پێوە بێت لەلای ئەو کۆمەڵگایە بێواتا و بێبایەخە. بۆیە ئەگەر دەڵێین گەنج یان لاو واتە کەسانێك هەن جیاوازن لەسەرتاپای کۆمەڵگا، کەپیرو بەساڵاچووان یان منداڵن، بەواتا بایۆلۆژییەکەی. بەڵام کێ هەیە ئەمڕۆ لەم کۆمەڵگایەدا لەگەنجێتیدا بژی؟!. ئەمڕۆ کچ و کوڕانی بنەماڵە و خێزان و خێڵ و حزب هەن، بەڵام گەنجێتی بەو واتایەی پێشتر ئاماژەمان پێیکرد تاڕادەیەکی زۆر نامۆیە بەم کۆمەڵگایە. وەلێ لەڕووی بایۆلۆژییەوە نیوەی کۆمەڵگای ئێمە گەنج و لاوە. بەڵام هەر لەقۆناخی سەرەتاییەوە پیر دەبن و پیردەکرێن. ئیدی چ پەروەردەی ماڵ و مزگەت و تەکییەکان بێت یان میتۆدی پەروەردەی قۆناخەکانی خوێندن و پەروەردەی حزبەکان بێت گیانی گەنجێتی لەگەنجاندا ناهێڵن. هەر لەمنداڵییەوە فێردەکرێن خیانەت لەخەیاڵی منداڵی خۆیان بکەن و بیکوژن و سەرنگومی بکەن. ئیدی کە گەورە دەبن بێ خەیاڵ و روانین و هزراندن دەمێننەوە. کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای کوشتنی خەیاڵەکانی منداڵێتی و گەنجێتییە، کۆمەڵگای خیانەتکردنە لەتەمەن و خەیاڵەکان.

دواتریش ئەو کۆمەڵگایە هەر بەتەنیا گەنجەکان ناچەپێنێ، ئەی چی لەمنداڵان و پیرەکان دەکات؟ منداڵان هێشتا لەناو بێشکەدان بەدێو و درنج و ئەژدیهای حەوت سەر دەترسێنرێن و دەچەپێنرێن، کە بڕەك گەورە و پارچەلە دەبن پێیان دەڵێن: تۆ کوڕی و خوشکەکەشت کچە تۆ دەبی بەپیاو و ئەویش دەبێ بە ژن، یان لەکۆڵانان بەڕەڵایان دەکەن یان لەماڵەکاندا سندمیان دەکەن، منداڵانی ئێمە بێنازترین منداڵی دونیان.

لێدان و چاوسوورکردنەوەو داخکردن شێوازی هەرە زاڵی پەروەردەن، ئەو منداڵانە کە گەورەش دەبن هەمان پرۆسە لەسەر منداڵەکانیان دووپات دەکەنەوە. رەوشی پیرو بەساڵاچووانی نێو کۆمەڵگاکەمان زۆر لەڕەوشی منداڵ و گەنجەکانمان تراژیدیاترن، هەر ئەوەندە لەپەلوپۆ دەکەوێ ئیدی بەدوور لەهەر سۆز و خۆشەویستییەك پەراوێز دەخرێ و لەکونجێکی ماڵدا یان لەخانەی پیرو پەککەوتەکاندا، هەندێك جاریش لەکۆڵان و بازاڕ فڕێدەدرێن. ئیدی هەر گەنجەکان سەرکوت ناکرێن و پەراوێز ناخرێن، بەڵکو هەمووومان یەکدی سەرکوت دەکەین و لەچوارچێوەی سیستەمێکی سەرکوتکەرانەدا خۆمان و کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەین. خۆ ژنان بەگشتی و کچانی گەنج و قەیرەکچ و پیرەژن لەتراژیدیاترین رەوشدا دەژین. ئەی کەواتە کێ مایەوە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا سەرکوت نەکرێت و ئازادییەکانی لێ زەوت نەکرابێت.

بۆیە پێموایە بەر لەهەموو شتێك هەر کۆمەڵگایەك لەدۆخی " مێگەلبوون" رزگار نەکرێت و تاك نەگاتە ئەو ئاستەی بەگیانی تاکێتی — نەك مێگەلبوون — بژیت, نەك هەر گەنجەکان تەنانەت سەرجەم کۆمەڵگا زۆر بەدوور دەبێت لەوەی پێی بگووترێ کۆمەڵگایەکی سڤیلی هاوچەرخ و ئازاد. جگە لەناسنامەی مێگەلێتی هیچ ناسنامەیەکی دی پێنادرێت. ئیدی لەئاکامدا کۆمەڵگایەکی بەمجۆرە بەرەو کوێ بخوازرێ دەتوانرێ ئاراستە بکرێت. ئەمەش بەواتای ئینتیحاری کۆمەڵگایەك دێت کە نەیتوانیوە ئازادی بۆ تاکەکانی خۆی فەراهەم بکات.

- 4 -

## پرۆسەیەك بۆ هزراندن ... پرۆسەیەك بۆ چەپاندن

کە گەنج خۆی پرۆسەی هزراندنی نەبێ و خۆی نەبێتە خاوەنی دروشمی خۆی، ئەوا لەبۆشاییدا دەژیت. بەمەش هەر رەوتێکی ئایدیۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی راپێچی ناوخۆی دەکات و دەتوانێ پەلکێشی نێو تەڵەزگە خەتەرناکەکانی خۆی بکات. ئیدی ئەمە هەر چ رەوتێك دەبێت بابێت. گرفتی گەنجانی ئێمە ئەوەیە کە بێ رەوتن، نەیانتوانیوە بەپێچەوانەی رەوتە نەریتی و باوەکانی نێو کۆمەڵگا یان رەوتە خوازراوەکان مەلە بکەن و خاوەن رەوتی خۆیان بن. ئەمە لەکاتێکدا گەنجێتی بۆخۆی واتا ئافراندنی رەوتە نوێ و نامەئلوفەکان. ئیدی ئەمە لەئاستی هزری و رووناکبیری بێت یان سیاسی و کۆمەڵایەتی، گرنگ ئەوەیە نەبێتە خەڵووز و وزەی رەوتە باوەکان، تۆ بڕوانە بزاڤی خوێندکار و لاوانی ئەوروپا لەساڵی 1968 هەموو ئەوروپای هەژاند، بچمێکی دیکە و گیانێکی دیکەی بەئەوروپا بەخشی. هەروەها "بزاڤی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان ( ئاپۆچییەکان) لەناوەڕاستی حەفتاکاندا لەباکووری کوردستان تورکیای خستە ناو گێژاوێکی مەزنەوە, تارادەی هەژاندنی پێگەکانی دەوڵەت چووە. هەروەها بزاڤی خوێندکاران لەساڵانی هەشتاکان دەسەڵاتی دەسپۆتی "چین" ی هەژاند و سنوورێکی بۆ دانا.

هەڵبەتە کە گەنجان دەبنە کەسانی ئاراستەکراو – نەك ئاراستەکار – بەپلەی یەك لەبێ ئیرادەیی و نەهزراندنی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرخۆشیان باجی ئەمە دەدەن. لەم رووەوە سەرجەم رەوتەکان, بەسەلەفی و ناسەلەفیانەوە, بۆ گەیشتن بەمەرامەکانیان گەنجان بەباشترین وزە و توانست دەبینن بۆ بەئامرازکردن و ئاراستەکردنیان. ئەمەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا تراژیدیای زۆر مەزنی لێکەوتۆتەوە، تاچەندین ساڵی دیکە ئاسەوەراکانی بەزەقی دەمێنێ.

- 5 -

## ململانێی نەوەکان........گەنجەکان تێیدا دەدۆڕێن !!

کە باس لەململانێی نەوەکان دەکرێت جیاوازییەکان بەبیری مرۆڤدا دێ. بەڵام کوا ئەو جیاوازییانەی نەوەیەك لەنەوەیەکی دیکە جیادەکاتەوە، ئێمە ئێستا نەوەیەکی 85 ساڵیمان هەیە و لەڕووی ئەقڵییەت و چەمك و چالاکی نواندنەوە هێشتا باڵادەستە و بەدەسەڵاتە. ئەو ململانێیانەی لەگەڵ ئەو نەوەیەدا کراوە ململانێی رووکارو پچڕ پچڕ و لاواز بووە. چونکە ئەوانەی بانگەشەی نەوەیێتی و هەبوونی جیاوازییەکانیان دەکرد لەگەوهەر و ناوەڕۆکدا بەهەمان ئەقڵییەت و کارکردنەوە بوون کە نەوە تەمەن هەشتا ساڵییەکە هەیەتی. بۆیە ئاکامی هەموو ململانێکان چوونەوە ئامێز و تەسلیمبوون بووە بەو نەوە رزیوە هەشتا ساڵییە. بۆ نموونە لەناوەڕاستی شەستەکاندا نەوەیەك، لەکایەی سیاسیدا بانگەشەی جیاوازییەکانی خۆی کرد، وەلێ زۆر ناخایەنێ دەچێتەوە ئامێزی باوکی خۆی و تەسلیمی دەبێتەوە. ئیدی ئەو نەوەیە هەر ئەو کاتە مەرگی خۆی راگەیاند، نەوەیەکی چروك و نەزۆك بوو. چونکە نەیتوانی پچڕان و دابڕانێك لەڕووی ئەقڵییەت و چەمك و چالاکیدا بئافرێنێ، کە نەیتوانی ئەو ئەرکە ئەنجامبدات بەرەو ئەو مەنزلگایە گەڕایەوە کە لێیەوە هاتبوو. تەنانەت ئەمجارە هەمان ئەو نەوە خاوەن بانگەشەیە نوێنەرایەتی هەمان ئەقڵییەت دەکات. لەسەرەتای حەفتاکانیشدا هەوڵدانێك لەوەی شەستەکان جددیتر ئەنجامدرا. بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی هزراندنەوە نەگەیشتە ئاستی کامڵبوون و یەکلابوونەوەو لەڕووی کردەیی و چالاکیشەوە نەیتوانی چەپی کلاسیك و دۆگما تێبپەڕێنێ, لەئاکامدا ئەو نەوەیەش بوو بەئامرازێکی دەستی نەوە خەواڵوو و چروکەکەی بەرلەخۆی. لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو نەوەیە دووچاری پاکتاوکاری جەستەیی و مۆراڵی نەبووایە دەیتوانی تێپەڕاندنێك یان دابڕانێك بێنێتە کایەوە کە جیاوازییەکان بنەمای بێت.

پێموایە نەوەیەك بانگەشە جیاوازەکانی خۆی بکات و سیستەمی زیهنی و کردەیی پێنج هەزار ساڵەی دەوڵەتگەرای باوکسالاری بەقووڵی شینەکاتەوەو لێی تێنەگات هەروا بەئاسانی ناتوانێ لەبەرامبەریدا یاخی ببێت و پێداگری لەسەرجیاوازییەکانی خۆی بکات و "نەوە"یێتی خۆی بچەسپێنێ. ئەگەرنا بەر لەدەستپێکردنی ململانێکان دۆڕاون، رێنیسانسخوازەکانی ئەوروپا تا رادەیەك ئەمەیان ئەنجامدا. بۆیە توانیان ببن بەنەوەیەك و تەواوی نەوەکانی دوای خۆیان بخەنە ژێرکاریگەری خۆیانەوە. سیستەمە زیهنی و کردەییە باوەکەی ئەو سەردەمەیان خستە ژێر پرسیار و گومانکردنەوە. ئینجا توانیان لەگەڵ بانگەشەکانیان راستگۆبن. ئێمە نەوەیەکی بەم تایبەتمەندێتییانەمان تێدا هەڵنەکەوتووە، بۆیە قسەکردن لەسەر ململانێی نەوەکان لەکۆمەڵگای ئێمەدا تا ئەو ئان و ساتە واقیعی نییە.

لەڕوویێکی دیکەوە، نەوەیێتی و نەوەبوون تایبەتمەندێتییەکی گشتگیرانەشە, نەك پارچە و پچڕپچڕی, کە لەمیانەی سیستەمێکی زیهنی و کردەیی نوێوە سەرتاپای کایەو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەخاتە بەرلێشاوی خۆیەوە، خاوەن پرادیگمایەکی نوێن بۆ تاك و کۆمەڵگا و دەسەڵات و مێژوو و ئایینەدەو بوارە جیاوازەکان. بۆ نموونە رێنیسانسی ئەوروپا رێنیسانسێکی گشتگیرانە و سەرتاپاگیر بوو، وەلێ "واقیعیەتی نوێی ئیتالی" و " شەپۆلی نوێی فەڕەنسی" لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی زیاتر لەبواری سینەمادا چڕببۆوە. لەکۆمەڵگای ئێمەشدا؛ نەوەکان نەیانتوانیوە پێهەڵگرتن و جیاوازییەکانیان گشتگیر و سەرتاپاگیر بکەن. شێخ نوری شێخ ساڵح و عەبدوڵڵا گۆران تەنیا لەبواری ئەدەبیاتدا، لەئەدەبیاتیشدا لەشیعردا "نەوە"ن. بۆیە ئەو نەوەیە لەڕووی زیهنی و کردەییەوە گشتگیر نین، لەحەفتاکانیشدا بزاڤی "روانگە" تەنیا شیعر و چیرۆك لەئامێز دەگرێت، جورئەت و توانستی ئەوەی نییە پێهەڵگرتنێکی گشتگیرانە ئەنجامبدات. نوێخوازەکانی هەشتاکانیش لەشیعر و چیرۆك زیاتر نەیانتوانی پەلهاوێژی هەموو کایە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. دەکرێ لەبوار و کایەکدا "نەوە"بن، بەڵام نەوەیەکی ناکامڵ و شێواوی لێ دەردەچێت. لەئاکامیشدا سیستەمی زیهنی و کردەیی باوکسالاری توانستی ئیحتیوا و ماڵیکردن و کەویکردنی بەسەر ئەو نەوانەدا دەبێت و دەتوانێ بێکاریگەر و پووچیان بکات و ناسنامەکەیان هەمەڕەنگ و دەوڵەمەند نابێت. بۆ نموونە

سیستەمی زیهنی و کردەیی سەدەکانی ناوین نەیانتوانی بەر بەلێشاوی ڕێنیسانسخوازانەی (دانتی، پترارك، مایكل ئەنجیلۆ، دافنیشی، شكسپیر، گالیلۆ و... هتد) بگرن. لەئاکامدا ڕێنیسانسخوازەکان سەرکەوتن. چونکە خاوەن ئەقڵییەتێکی گشتگیر و سەرتاپاگیرانە بوون.

## ــ 6 ــ

## هەمیشە پێهەڵگرتن ...

ئیدی ئەگەر نەوەیەك بانگەشەی نەوەییّتی و نەوەبوون بکات، بەر لەهەموو شتێك دەتوانن ببنە خاوەن سیستەمێکی زیهنی – کردەیی جیاواز و نوێ یاخود نا؟ گرفتەکە لێرە دایە، ململانێکانیش لێرەوە دەستپێدەکەن و کۆتاییان پێدێت. ئەمەش گرێکوێرەیەکە. بەمەزەندەی خۆم دەکرێ لەمیانەی تیۆری "پێهەڵگیری – کۆتگیری, انطلاق– تقید"یەوە تاوتوێی ئەو گرێکوێرەیە بکرێت، تەنانەت ئەو قەیران و کائیوسەی ناهێڵێ نەوەکان ببنە "نەوە" لێرەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، هەرلێرەشەوە دەتوانرێ قەیران و کائیوسەکان تێپەڕێنرێ و دەرباز بکرێن. قەیران و کائیوسەکان لەبنەڕەتدا یەك قەیران و کائیوسە، ئەویش رەهەندێکی زیهنی – شارستانی قووڵی خۆی هەیە. تا ئەو سیستەمە زیهنییە – شارستانییە سەراوژێر نەکرێ و وەرنەچەرخێنرێ تێپەڕبوون و دەربازبوونیش بێ واتان. ئیدی تۆ ئەو سارێژبوون و وەرچەرخانە بە "شۆڕشی زیهنی" یان "وەرچەرخانی زیهنی – شارستانی" یاخود "شۆڕشی کولتووری و کۆمەڵایەتی" ناوزەد دەکەیت یان بەناوێکی دیکە، لەبنەڕەتدا هەر نەوەیەك جورئەت و ئامادەگی ئەو وەرچەرخان و سەراوژێربوونەی هەبێت و لەڕووی هزراندن و چالاکی نواندنەوە جیاوازییەکانی خۆی بخاتەروو و ململانێیەکی سەفەربەریانەی گشتگیر ئەنجامبدات ئەوا نەوەبوونی دەگەیەنێتە ئاستی ناسنامە و ئینتیما بۆ نەوەیەکی نوێ. دەرەتان و تێپەڕبوون لێرەوە دەستپێدەکات. هەڵبەتە گەنجان و لاوان توانستی هەڵگرتنی ئەو ناسنامە و ئینتیما ڕێنیسانسخواز و ڕۆشنگەرخوازییەیان هەیە. گەنجان لەکوێ و چۆن پێهەڵگیری (انطلاق)ی خۆیان لەسیستەمە کۆتگیریە باڵادەستەکەدا ئەنجام دەدەن؟ ئەمە گەوهەرو کرۆکی جیاوازی نێوان نەوەکانە. نەوەکان لەپێهەڵگرتنەکاندا جیاوازن, نەك لەجلوبەرگ و مۆدێلی قژ و سیشوار و ... شتە رووکارییەکانی دیکەدا. نەوەکان لەزەمەن و شوێنێکدا پێهەڵگیری و قەڵەمبازی ئەنجام دەدەن، وەلێ لەسەرووی ئەو زەمەن و شوێنەشدا دەرك بەهەبوونیان دەکرێت. وەك چۆن لەئان و ساتی پێهەڵگرتندا ئامادەن، لەئاییندەشدا شاراوەن، بەڵام ئامادەن. بۆیە کە دەگووترێ: " مێژوو لەرۆژگاری ئەمرۆماندا شاراوەیە، ئەمرۆش لەقووڵایی مێژوودا شاراوەیە"روانینی هەرە راست و زانستیانەیە. نەوەکان بەم فەلسەفەیە سووڕی ژیان و مێژووی خۆیان کامڵ دەکەن و دەبن بەهەڵگری ناسنامەیەکی نوێ، ئینتیمایەکی نوێ, دواجار نەوەیەکی نوێ.